



# یارمەتیدانی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت لە پێنج خوولەک دا

یارمەتیدانی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت لە پێنج خوولەک دا

ئەگەر مناڵەکەتان کێشەی تایبەتی هەیە، مافی ئەوەی هەیە کە یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتی پێبدرێ. ڕەنگە مناڵەکە مافی ئەم جۆرە یارمەتیەی هەبێت لەگەڵ لە دایک بوونیەوە،بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە دەچێتە باخچەی مناڵان یان نا.

یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت دەتوانێ بۆ وێنە بە شێوەی ڕاهێنانی جەستەیی، هاندانی منداڵ یان بە شێوەی پشتیوانی بێت لە لایەن ستافی باخچەکە. ئێوە کە دایکوباوکن، دەبێ هەمیشە ڕاوێژ و ڕێنموونیتان پێبدرێ. ئەو یارمەتیانە دەبێ لە گەڵ نیازەکانی مناڵەکە گوونجاو بێ.

ئەگەر ئێوە یان کەسێکی تر کە مناڵەکەت دەناسێ، نیگەرانی گەشەسەندنی مناڵەکەتن، شارەوانی و ناوەندی خزمەتگوزاری دەروونی و پەروەردەکردن دەبێ لێکۆڵینەوە بکەن و ڕێنمونی بدەن سەبارەت بە نیاز و پێداویستیەکانی ئەو مناڵە. بەرلەوەی کە مناڵەکە یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتی وەربگرێ، شارەوانی دەبێ بڕیارێکی کارگێڕی دەرکا.

ڕەنگە بەشدار بێت لە هەماهەنگی فرە پسپۆری بکەن لە سەر ئاستی ناوخۆیی، بۆ نموونە سەبارەت بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان یان NAV، و لەسەر ئاستی نیشتیمانی بۆ نموونە خزمەتگوزاریەکانی ستاتپێد یان نەخۆشی دەروونی بۆ منداڵان یان کەسانی گەنج (BUP). کرداری PPT تەواو نهێنی پارێزراوە.

مانای خزمەتگوزاری ڕاوێژی پەروەردەیی و دەروونی چیە (PPT) چیە ئاژانسێکی خزمەتگوزاری حکومیە کە ڕاوێژ و ڕێنوێنی پێشکەشی شارەوانیەکان دەکات سەبارەت بە دیاریکردنی پێوەرەکان و دەسپێشخەریەکان بۆ ئەو منداڵانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن.

هەڵسەنگاندنی پسپۆڕانە بەڵگەیەکە لە لایەن PPT هوە کە نیشان ئەدات ئەو مناڵە پێویستی بە یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت هەیە، و ڕێنموونی ئەوە ئەدات کە ئەو مناڵە، دایکوباوک یا باخچەی مناڵان چ یارمەتێکیان پێویستە.

بڕیاری کارگێڕی نامەیەکە لە لایەن شارەوانیەوە کە تێیدا نووسراوە ئەو مناڵە مافی وەرگرتنی یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتی هەیە یان نا، و جۆری یارمەتیەکەش دیاری دەکرێ. ئێوە دەتوانن هەمیشە لە سەر ئەم بڕیارە سکاڵا بەرز بکەنەوە.

ڕەنگە بڕیار بدەیت ئەگەر بتەوێت لەم هەڵسەنگاندنە بەدەر بکرێیت بە نمرە لەو بابەتانە کە لە پەروەردەی تایبەت وەریدەگریت.

پەیڕەوی خوێندنی تاک بابەت

پێویستە گشت IOP ئامانجە سەرەکیەکانی فێربوون و ناوەرۆکی پەروەردەی تایبەت لەخۆ بگرێت و یارمەتیەک و ئامرازێکە بۆ مامۆستایان.

Utdanningsdirektoratet

## چ چاوەڕوانیکم دەتوانێ لە شارەوانی هەبێ؟

### *پێویستە شارەوانی*

- دڵنیا بکەنەوە کە باشترین بەرژەوەندیەکانی منداڵەکە پارێزراون
- بەشداری بە تۆ بکەن و ڕاوێژت پێ بکەن بەر لە بریاردان کە کاردەکاتە سەر منداڵەکەت.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵ و باوانەکان بکەن و هەڵسەنگاندنی پێویستی منداڵەکە ئەنجام بدەن.
- هەڵسەنگاندنی ئەوە بکەن ئایا منداڵەکە پێویستی بە یارمەتی پەروەردەی تایبەت هەیە یان نا
- داوا لە ناوەندی خزمەتگوزاری PPT بکات کە ئەگەر ئێوە بتانەوێ ەڵسەنگاندنێکی پسپۆڕانە بکات، یان ئەگەر شارەوانی یان باخچەی منالان ڕایان وایە کە منالەکە پێویستی بە یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتە
- بریارێکی تاکەکەسی دەربکات کە تیا نووسرابێ ئەو منالە دەبێ یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت وەرگرێت یان خێر، و ئەگەر وەرگرێ جۆری یارمەتیکە چ دەبێ
- دانی یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت بە منال بەجۆرێک کە لە بریارەکەدا شیکراوەتەوە
- دڵنیا بوون لەوە کە سالێ جارێک ڕاپۆرتێکی نووسراوە سەبارەت بەو یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتە و گەشە سەندانی منالەکە پێشکێش بکرێ

## دەتوانم چی بکەم؟

### *ئێوە وەک دایکوباوک*

- دەتوانن داوا بکەن کە شارەوانی لێکۆڵینەوە بکات لە سەر منالەکەت کە ئایا پێویستی بە یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت هەیە
- ئاگادار بکرێیت و بەڵێ بلێی بەر لەوە کە شارەوانی داوا لە ناوەندی خزمەتگوزاری PPT بکات بۆ لێکوڵینەوە لە سەر منالەکەت
- پێویستە بەشدار بیت و ڕازی بیت بەرلەوەی شارەوانی داوا لە PPT بکات هەڵسەنگاندنی منداڵەکەت.
- پێویستە بەشدار بیت و ڕازی بیت بەرلەوەی شارەوانی بریار بدات کە منداڵەکەت یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت وەربگرێت
- یەکجار لە ساڵدا ڕاپۆرتێک وەربگری سەبارەت بەو یارمەتیەی منالەکەت وەریدەگرێ، و لێکۆڵینەوەیەک لە سەر چۆنیەتی گەشەسەندنی منالەکەت
- دەتوانی شکایەت بکەی ئەگەر منالەکەت یارمەتی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتی پێنەدرێ

دەتوانی لە سەر ناوەرۆک، ئەنجامدان یان ڕێکخستنی ئەو یارمەتیە سکاڵا بکەیت